www.kurdistannet.org
20-6-2007 18:40 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

دووربێ لە تۆ ... دڵشاد تاقانە

ئەگەر هاتوو چاوەکانم گەرای عشق بتروکێنێ
لە ڕووی تۆدا ساویلکە بێ و نهێنی دڵ بدرکێنێ
بە ئاستەم ڕووت تەماوی کا و ئازارێکت بۆ بهێنێ
یاخوا کوێربێ ودوورب‌ێ لەتۆ هیچی تردنیا نەبینێ
ئەگەر هاتوو لێوەکانم ووشەی خۆشباس ببارێنێ
خرپەی دڵ بێ و زەنگی عشق بەگوێچکەدا بچرپێنێ
لە مەندی و سادەیی خۆتدا بۆ ساتێ ڕات بچڵەکێنێ
یاخوا سڕبێ ودوڕبێ لەتۆ چی ترسۆراوی نەمێنێ
ئەگەر هاتوو دەستەکانم تەزووی گەرمت پێدابێنێ
لە سەر ڕانم شانەی پرچ بێ و داوەکانی خاو دابێنێ
سورهەڵگەڕێ ی بەشەرماچی هەستەکانت بشێوێنێ
یاخوا بشکێ ودووربێ لەتۆ پەنجەکانی هەڵوەرێنێ
ئەگەرهاتوو گلێنەی چاو بروسکەی بارانی بگرمێنێ
لەسەر پەڕەی کوڵمەکانت وەکو ئاونگ خۆی بنوێنێ
با هەر بۆخۆم سێدارەی خەم خواستەکانم بخنکێنێ
یاخوا بمرم ودووربێ لەتۆفرمێسکی چاوت نەڕژێنێ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.